**بەشی / زمانی کوردی**

**کۆلێژی پەروەردەی مەخمور**

**زانکۆی سەلاحەددین**

**بابەت: ڕێگاکانی وانە ووتنەوەی**

**ناوی وانەبێژ : MSc**

**کۆرس بووك : (دووەم)**

**ناوی مامۆستا :م. شیرین شادان جمیل**

**ساڵی خوێندن: 2022 – 2023**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | رێگاکانی وانە ووتنەوە |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | م . شیرین شادان جمیل |
| 3. بەش/ کۆلێژ | زمانی کوردی / پەروەردەی مەخمور |
| 4. پەیوەندی | ئیمەیل : shireen.jameel@su.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | کاتژمێری تیۆری : 3کاتژمێر پراکتیك 1 |
| 6. ژمارەی کارکردن | (12 کاتژمێر) |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | ٭بڕوانامەی بکالوریوس 2006-2007<br>٭ولە 2007-2009 سەرپەرشتی کۆمپیوتەر لە 18ی شوبات<br>٭2009-2011 لە کۆلێژی زمان لەیەکەی کۆمبیوتەر وەکو وانەبێژ وانەی کۆمبیوتەرم وتۆتەوە.<br>٭2014-2016 لە کۆلێژی پەروەردەی بنیات سەرپەرشتی(مشریف) یەکەی تاقیگە بووم<br>٭لە 2017-2018 قوتابی ماستەر لە زانکۆی سەلاحەددین /کۆلێژی پەروەردە -<br>٭بڕوانامەی ماستەرلە (ڕێگاکانی وانەوتنەوە).2019<br>٭دامەزراندنم وەکو مامۆستای یاریدەر لە کۆلێژی پەروەردە ی مەخمور |
| 9. وشە سەرەکیەکان | پەروەردە ، ئامانجەکان ، ، پلان ، وانە ووتنەوە ، فێرکردن ، فێربوون ، فیدباك ، شێوازی فێربوون, فێربوون چالاك، ستراتیژیە، جۆرەکانی رێگاکانی وانە ووتنەوە ،K-W-L تەکنۆلۆژیا. |

10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

- گرنگی رێگاکانی وانە ووتنەوە لە وەدایە کە پێویستە مامۆستا شارەزاییەکی زۆر باشی دەربارەی رێگاکانی وانە ووتنەوەی گشتی و تایبەتی هەبێت ، لەبەر ئەوەی تەوەرەی سەرەکی هەر پرۆسەیکی وانە ووتنەوەی چاڵاکە ن وەکو چەکێك وایە بە دەستی مامۆستا کە دەتوانێ کاریگەری خۆی بە جێبهێلێت لە سەر هەڵوێستە پەروەردەییەکان و فێربوون و دەرئەنجامەکانی ، ئەگەر هاتوو مامۆستا چەند شارەزا بێت لە پسپۆری خۆی سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت

ئەگەر شارەزاییەکی باشی لە ڕێگاکانی وانە ووتنەوە نەبێت ، دەبێت قوتای تەوەری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بێت

.

- فێرخواز تێگەیشتنێکی باشی دەبێت لەسەر چەمکە سەرەکیەکانی کۆرسەکە ، لەسەرەتادا باس لە ( پەروەردە و تایبەتمەندیەکانی پەروەردە ) دەکرێ وەکو لایەنێکی مێژووی وە چۆن ڕێگاکانی وانە ووتنەوە لە کۆنەوە زۆر سادە بوون دوای قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە ، ( ئامانجەکان )تێگەیشتنی فێرخواز بە چەمکی (ئامانجەکان) وە سوودی بۆفێرخواز چیە ، وە چۆنیەتی نووسینی ئامانجەکان بە شێوازێکی ئەکادیمی ئاشنا بوونیان بە هەرەمی (بلۆم ) و پۆلێنکردنی ئامانجەکان ، چەمکی ( پلان ) و جۆرەکانی فێکردنی فێرخواز لەسەر چۆنیەتی نووسینی ئامانجەکان بە شێوازێکی ئەکادیمی ، ( ڕێگاکانی وانە ووتنەوە کە خۆی لە چەندین ڕێگای زانستی دەبینێتەوە، چەمکی (, فێربوون چالاك ) لە وانە ووتنەوە وە جۆرەکانی , فێربوون چالاك وە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی پرۆگرام لە ڕێگەی , فێربوون چالاك.ئەم چەمکانەی باس کران پەیوەندیەکی پتەوی بە ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازان هەیە وەکو گەشە پێدان بە لایەنی پەروەردەی بۆ کەسایەتی فێرخواز ، وە شارەزابوونیان لە ڕێگاکانی وان ووتنەوە  پراکتیزەکردنیاە لە ژیانی پیشەی خۆیان کە دەبن بە مامۆستا لە داهاتوو .

## 11. ئامانجەکانی کۆرس :

- پێشبینی دەکرێت قوتابی دوای تەواو بوونی هەر بابەتێك دەبێت :
- چەمکی پەروەردە بزانێت وە تایبەتمەندیەکانی .
- جۆرە جیاوازەکانی ڕێگاکانی وانە ووتنەوەی تایبەت بە زمانەوانی  بزانێت.
- قوتابی بزانێت ئامانجە پەروەردەییەکان چین وە جۆرەکانی ئامانجە پەروەردەییەکان .
- قوتابی بزانێت پلانی وانە ووتنەوە ، وە جۆرەکانی پلانی وانە ووتنەوە .
- قوتابی بزانێت بیرکردنەوە چیە ، وە جۆرەکانی بیرکردنەوە چین.وشیوازی فیرکردنی قوتابی بناسیت .
- قوتابی بزانێت , فێربوون چالاك چیە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن .
- قوتابی بزانێت چۆن کۆنترۆلی پۆل دەکرێت و ج جۆرە هەڵسوکەوتی جیاواز بکاربهێنیت بۆ کۆنترۆل کردنی پۆل.

## 12. ئەرکەکانی قوتابی :

ئەرك و ڕۆلی قوتابی لە سەرەتای ساڵوە لە لایەن مامۆستا دیاری دەکرێت ، ئەویش ڕاسپاردنی قوتابی بە هەندێك چالاکی جۆراو جۆر ، چونکە پەروەردەی نوێ جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە فێرخواز تەوەرەی سەرەکی پەروەردەو فێرکردنە نەك مامۆستا ڕۆلی قوتابی لە ناو پۆلدا وە لە دەرووەی پۆلدا ، وەکو ( ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە سەر ڕێگایەك لە ڕێگاکانی

وانە ووتنەوە ، وە ئامادە كردنی وانەیەكی نموونەیی ) ج لە پۆل یا لە لینكی Google Classroom،

WhatsAppپۆست دەكەن تاوەكۆ هەموو بتوانن بەشداربن لە ئەركەكەیان ،ئەم چالاكیانە لەسەر (10) نمرە ئەنجام

دەدرێت ، وە هیچ نمرەیەك لەسەر ( نەهاتن) هەژمار ناكرێت .

## 13. ڕێگاكانی وانە ووتنەوە :

- لە ڕێگاكانی وانە ووتنەوە هیچ ڕێگایەكی ( نموونەی ) نیە كە هەموو بابەتەكانی پێ بگوترێتەوە ، من وەك شارەزا لە ڕێگاكان بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا ( ڕێگای وانە بێژی ، پرسیارو وەڵام ، K-W-L ، چارەسەری كێشە ، گفتو گۆ )ستراتیژیەیی یاریی ، بەكار دەهێنم )
- ئامرازە فێركاریەكان : وەكو ( Data show ، white board ، ڤیدیۆی فێركاری ، كۆمپیوتەر ، پرۆگرامی گۆگل كلاس رووم –Loomie Live- گۆگل میت، ڤیدیۆ ) .

## 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن:

بە پێی ڕێنماییەكانی كۆلێژەكەمان پێویستە تاقكیردنەوەی مانگی یەكەم لەسەر (15 ) بكرێت و دووەم تاقیكردنەوەی مانگی دووەم لەسەر (15) بكرێت ، بەڵام هەر مامۆستایەك بۆی هەیە بۆ چالاكیەكانی تا (10 ) نمرە ببەخشێت بە فێرخوازەكانی لە ڕێگەی ئەنجامدانی ( كویز ) وە ئامادەكردنی ڕاپۆرت ، یان ووتنەوەی وانەیەكی نموونەیی

كویز : 5 نمرە ( چالاكی )

ئامادەكردنی راپۆرت یا بینینی رۆلی مامۆستا : 5 نمرە ( چالاكی ).

تاقیكردنەوەی گشتی كۆرس : 40 ٪

تاقیكردنوەی كۆتایی : 60 ٪

## 15. دەرئەنجامەكانی فێربوون:

ئامانجە سەرەكیەكانی كۆرسەكە روونكراوەتەوە بۆ قوتابی كە بۆچی بابەتە سەرەكیەكانی كۆرسەكە دەخوێنێت ئامانج لە خوێندنی بابەتەكان چیە ، وە چ پەیوەندیەكی بە ژیانی رۆژانەی قوتابی هەیە ، یەكێك لە ئامانجە سەرەكیەكانی كۆسەكە دانانی ( پلانە ) بۆ كە ئایا لە داهاتوودا وەكو مامۆستایەكی ئەكادیمی فێرخواز چۆن سوود لە پلان وەردەگرێت لە پیشەی خۆی كە دەبێت بە مامۆستا وە لە هەربوارێكی تری ژیانی رۆژانەدا ، ئامانجێكی تری كۆرسەكە كە ( بیركردنەوەیە ) بۆ قوتابی لە كۆتایدا فێر دەبێت چۆن گەشە بە كارامەییەكانی بیركردنەوەی خۆی بدات لە داهاتوودا بتوانێت كار لەسەر كارامەییەكانی بیركردنەوە بكات كە بتوانێت نەوەیەكمان بۆ پەروەردە بكات كە نەوەیەكی بیرمەند بن بیر بكەنەوە

**16لستي سەرچاوەكان :**


1- د. ميشيل كامل عطاالله ، (2002). طرق واساليب تدريس العلوم ، ط2 ، دار المسيرة للنشر والتوزيع.عمان ، الاردن

2- د. منصور على ،(2006) التعلم و نظرياته ، ط1 ، جامعة دمشق ، الاردن.

3- د. محمد محمود الحيلة (2001). طرائق التدريس واستراتيجياته ، ط1 ، العين ، الامارات .

4- د. توفيق أحمد مرعي ، د. محمد محمود الحيلة (2005). طرائق التدريس العامة ،ط2، دار المسيرة للنشر والتوزيع.

5- د. محمد محود الحيلة ،(2003). تصميم التعليم نظرية وممارسة ، ط2 ، دار المسيرة ، عمان.

6- **حەمەدمین ، رەمەزان ( 2014 ) ڕێگاكان و شێوازە " تیۆری و پراكتیكیەكانی " وانە ووتنەوە ، چاپی یەكەم ، هەولێر**

7- **قەرەچەتانی ، كریم شریف ( 2014 ) . سایكۆلۆژیاو ڕێگاكانی وانە ووتنەوە ، سلێمانی .**

8- **د.عزيز كريم احمد، (2021).ستراتیژە نوییەكانی وانەوتنەوە،چابی یەكەم،هەولێردەزگایی چاپ نارین.**

9- **د.عزيز كريم احمد، (2021).بنەماگشتییەكانی ڕیگاكانی وانەوتنەوە،چابی یەكەم،هەولێردەزگایی چاپ نارین**

10- نشوان يعقوب،جبران وحيد،(2007).أساليب تدريس العلوم ،ط9، القاهرة،الشركة العربية المتحدة للتسويق و التوريدات.

11- الانترنيت


| **17.بابەتەكان** | **تێبینی** |
|---|---|
| **1-ناساندنی كۆرس بووك وسەرچاوەكان بە فێرخوازان**<br>**پێناسەیی چەمكەكانی (فێربوون وفێركردن –ڕێگاكانی وانەوتنەوە- شێواز –ستراتیژیە –تەكنەلۆژیا)- وجیاوازی نێوان ڕێگا و شێوازی وانەووتنەوە - جیاوازی نێوان فێركردن و وانەووتنەوە )**<br>**2-بنەماكانی هەڵبژاردنی ڕێگاكانی وانە ووتنەوە ی سەركەوتوو**<br>**3-تایبەتمەندییەكانی ڕێگاكانی وانەووتنەوە**<br>**4- سیفاتەكانی مامۆستایی سەركەوتوو**<br>**5-پیۆرەكانی وانەووتنەوەی سەركەوتوو** | **هەموو هەفتە كویزیان پێ دەكەم تاقیكردنەوەكە بەشێوەیی جیاواز جیاواز دەبێت بۆ نموونە بەشێوەیی سەروەرەقە یا یاریی گروپات یا بەشێوەیی ڕۆڵی بیینین ....هتد.** |

| | |
|---|---|
| | 6- ئامانجی وانەوتنەوە<br>7- سودەکانی وانەوتنەوە بۆ مامۆستا<br>8- جۆرەکانی ئامانجی وانەوتنەوەی (گشتی –تایبەتی – ڕەفتاری)<br>9- ئامانجە تایبەتیەکانی دابەش دەکرێت بەسەر سێ بوارەوە( معرفی – سۆزداری – ڕەفتاریی )<br>10- پێناسەیی پلانی وانەوتنەوە<br>***11- تایبەت مەندی و سوودی پلانی وانەوتنەوە***<br>12- جۆرەکانی پلانی وانەوتنەوە<br>**13-جۆرەکانی خۆ ئامادەکردن بۆ پلانی وانەوتنەوەی ڕۆژانە**<br>14- هەنگاوەکانی پلانی ڕۆژانە<br>15- قۆناغەکانی پلانی ڕۆژانە<br>16- قوتابیان لەناو پۆل هەنگاوەکانی پلاندانان جێبەجی دەکەن<br>تاقیکردنەوە ی یەکەم<br>17- جۆرەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە(کۆن – نوێ)<br>کۆن (ڕێگای وانەبێژی- باشیەکانی ، گرفتەکانی<br>ڕێگای گفتوگۆ ، باشیەکانی ، گرفتەکانی ،<br>ڕێگای نەخشەی چەمکەکان ، باشیەکانی ، گرفتەکانی<br>18- ڕێگاکانی تر قوتابی باسی دەکات ئەمەش مامۆستا فیدیۆیی ریگاکانی تر بۆیان دەنێریی لە ڕێگایی گۆگل کلاس )<br>19- نویی (شێوازەکانی فێربوون )<br>20- ئیستراتیژییەی فێربوونی چالاك سودەکانی ورۆلی مامۆستاو و قوتابی وجۆرەکان<br>21- ئیستراتیژیەی فێربوونی هەرەوەزی(هاوکاری)<br>22- ئیستراتیژیەی پرسیارو وەلام |

| | |
|---|---|
| 23- ئیستراتیژیەی یاری و جۆرەکانی<br><br>24- ریگاکانی تر قوتابی باسی دەکات ئەمەش مامۆستا فیدیۆیی ریگاکانی تر بۆیان دەنێریی لە ڕێگایی گۆگل کلاس )<br><br>25- فێربوون ئەلکترونی و ئامرەزەکانی ئەلکترۆنی (Google Meet- Zoom-Free Conference) | |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| قوتابی رۆلی مامۆستا دەبیینن بۆ ئەوەی زیاتر لە وانەکە تێبگەن | |

**19. تاقیکردنەوکان:**

**پرسیاری یەکەم :**

1- بۆچوونی کلاسیکی بۆ وانە ووانەوە ، بریتیە لە گواستنەوەی زانیاریەکان لە گەورە بۆ بچووک (√)

2- هاوسەنگی لە بوارەکانی ئامانجەکان پێویستیەکی گرنگە بۆ دڵنیایی گەشەی تەندروستی بۆ کەسایەتی قوتابیان( √)

**پرسیاری دووەم :**

یەکێك لە ریکاکانی وانە ووتنەوە زیاتر قوتابی تووشی بێزاری دەکات لە چاو ڕێگاکانی تر : ڕێگای پرۆژە

ب- ڕێگای تەلقین ( وەڵامی راست )

ج- ڕێگای گفتوگۆ

د- ڕێگای دۆزینەوە